پارێزگاری هەولێر: ئەمنیەتی بازاڕی قەیسەری هادەستی ئاسایش و پۆلیس دەکرێت



پارێزگاری هەولێر لەکێبونەوەیەکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕی قەیسەری رایگەیاند، لێکۆڵینەوە لە هێکارەکانی ئاگرکەوتنەوکە بەردەوامە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی بە هۆی پابەند نەبونە بوە بە ڕێنماییەکان، یان دەستکی خراپکاری لە پشت بوە و دەشێت، "ئەمنیەتی بازاڕەکە دەدرێتە دەست ئاسایش و پۆلیس".

بەگوێرەی راگەیەندراوکی پارێزگای هەولێر، ئەمڕ چوارشەممە ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، بە ئامادەبونی جێگری پارێزگار و قائیمقامی ناوەندی و سەرکی شارەوانی و بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر، لە دیوانی پارێزگا، پێشوازیکرد لە بەشێك لە دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕی قەیسەری.

لە کێبونەوەیەکدا پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، "وەك حکومەت و پارێزگای هەولێر، لە ئوەڵ زیاتر دڵگران و خەمبارین بەو ڕوداوەی لە بازاڕی قەیسەری هەولێر ڕویداوە، چونکە هەولێر واتا (قەڵا، منارە و بازاڕی قەیسەری) حکومەتی هەرێم و پارێزگای هەولێر گرنگییەکی

زۆر بەو سۆنەدەدەن، چونکە ئەو شوێنانە ناسنامەی شارەکەمانن، هەروەها نەک ئەمە بەتەنها بگرە هەموو خەڵکی شاری هەولێر دژگران و خەمبارە بەو سوتانی ئەو بازاڕە".

وتیشی، "لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوکە بەردەوامە بێ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی، کە ئایا بەهۆی کەمتەرخەمی و پابەند نەبونە بوەە بەڕێنمایییەکان، یان دەستکی خراپکاری لە پشت بوە، بەمزوانە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بێ رایگشتیی ئاشکرا دەکرێت و هۆکاری سەرەکی ئاگرکەوتنەوە رادەگەیەنرێت".

ئومێد خۆشناو باسی لەوەشکرد، "وەکو پارێزگای هەولێر، جگە لە لیژنەی لێکۆڵینەوە، لیژنەیەکی تەکنیکی پێکهێناوە بۆ خەماندنی نۆژەنکردنەوەی ئەو دوکان و شوێنانەی کە بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەکەوە زیانیان پێگەیشتوە، لە ئێستاشدا تیمەکانی ژینگەپارێزی دەستیانکردوە بە پاککردنەوە و لێکخستنەوەی سەرتاسەری بازاڕەکە و کردنەوەی بە ڕوی دوکانداران و هاوڵاتیان، پێویستە ئەوەش هاوکارمانبن بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و هەڵگرتنی سەرجەم زیادەڕۆیی و سەرپێچییەکانی نێو بازاڕەکە".

پارێزگاری هەولێر دەشڵت، "بۆ لەماوەدوا هەواسینی پەردە لە دوکانەکان کەو هۆکارێکی سەرەکی ئاگرکەوتنەوە و تەشەنەسەندنی بو بەهۆی شوەیەک قەدەغەدەبێت".

ئاماژەی بۆشکرد "بەوەبەڕوەبەرایەتی کارەبامان ڕاسپردوە، ئەو کێشەیە چارەسەربکات و ئەو دوکانانەی کە زیانیان بەرنەکەوتوە خاوەنەکانیان دەتوانن لە ئەمڕوە دوکانەکانیان بکەنەوە و دەستبەکار و کاسبی خۆیان بکەن، بۆ ئەوانی دیکەش دوای پاککردنەوەی شوێنی ڕوداوەکە لیژنەی هونەری پارێزگا، دەست بەخەماندنی چۆنیەتی نۆژەنکردنەوەی دوکانەی سوتاوەکان دەکەن".

ئومێد خۆشناو وتی، "ئەو پاسەوانانەی کە بۆ پاراستنی بازاڕی قەیسەری هەولێر دانرابون نامێنن و لەو شوێنی ئەوان، پاراستن و ئەمنییەتی بازاڕەکە بەئاسایش و پۆلیس دەسپێردرێت".